# كۆماری ئیسلامی هەر لە ئێستاوە مەترسییە بۆ سەر ناوچەكە و جیهان

**فەرامەرز سەجیم**
faramarz_sajem@yahoo.com

كۆنفرانسی" جیهانی بێ سەهیونیزم" و قسەكانی ئەممەدی نژاد، سەركۆماری ئێران لەو كۆنفڕانسەدا، ناڕەزاییەكی گەورەی جیهانیی بە دژی كۆماری ئیسلامی ساز كرد. حەوتووی رابردوو لە تاران بە بەشداریی كۆمەڵێك لە پاوانخوازانی توندڕەوی كۆماری ئیسلامی و چەند كاربەدەستێكی پلەبەرزی رژیم و دەیان كەس لەو كەسانەی ناونووسییان كردووە بۆ خۆتەقاندنەوە لە عێراق و هەروەها نوێنەرانی جیهادی ئیسلامی و حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان كۆنفرانسێك بە ناوی جیهان بە بێ سەهیونیزم بەڕێوە چوو. لەو كۆنفڕانسەدا چەندین كەس لە پاوانخوازانی توندڕو قسەوباسیان بۆ ئامادە بووان كرد. ئەحمەدی نژاد سەركۆماری ئێران لەو كۆنفرانسەدا جەختی كردەوە لە سەر وتەكانی خومەینی دامەزرێنەری كۆماری ئیسلامی بۆ لە ناو بردنی ئیسرائیل و سڕینەوەی لەسەر نەخشەی جیهان و پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆی و دەوڵەتەكەی بۆ هێزەكانی نەیاری ئیسرائیل دووپات كردەوە. ساز كردنی ئەو كۆنفڕانسە و قسەكانی ئەحمەدی نژاد بووە هۆی نیگەرانی كۆمەڵگای نێونەتەوەیی. وەزارەتخانەكانی دەرەوەی وڵاتانی ئاڵمان، فەرانسە، بریتانیا، كانادا و چەندین وڵاتی دیكەی جیهان باڵوێزەكانی كۆماری ئیسلامییان بانگ كرد و ناڕەزایی توندی خۆیان بەرانبەر بە گێرانی ئەو كۆنفڕانسە و وتەكانی ئەحمەدی نژاد دەربڕی و دەوڵەتی ئەمریكاش لەمبارەوە نیگەرانی و ناڕەزایی قووڵی خۆی دەربڕیوە.

ڕا و بۆچوونەكانی شیمۆن پرێز و تۆنی بلێر، سەرۆك وەزیرانی بریتانیا لەمبارەیەوە جێی سەرنجن. تۆنی بلێر وتی: حكوومەتی ئێران هەر لە ئێستاوە مەترسییەكە بۆ سەر جیهان و لەمپەرێكی گەورەیە بۆ سەقامگیر بوونی ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیل. شیمۆن پرێز وێرای ئەوەیكە داوای كردووە كورسی ئەندامێتی لە مەجمەعی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ئێران وەرگیرێتەوە و نوێنەری حكوومەتی ئێران لەو رێكخراوە دەركرێ وتوویەتی: یان دەبێ دەوڵەتی ئێران مولزەم بكرێت بەوەیكە ملكەچی مەنشووری جیهانیی نەتەوەیەكگرتووەكان بێت، یان ئەوەی مەنشوورێكی دیكە بنووسرێ كە بە پێی ئەو هەر وڵاتێك ئەگەر بیهەوێت، بتوانێت وڵاتێكی دیكە لە ناو بەرێت.

پاش ئەوەیكە هەرایەكی گەورەی جیهانی بە دژی دەسەڵاتدارانی ئێرانی دروست بووە، بۆ پاساو كردنی وتەكانی ئەحمەدی نژاد و كەمكردنەوەی نیگەرانی و تووڕەیی دەوڵەتانی جیهان، كاربەدەستانی پلە بەرزی كۆماری ئیسلامی كەوتوونەتە خۆ و دەڵێن: مەبەستی سەركۆمارەكەیان لە سڕینەوەی ناوی ئیسرائیل لە سەر نەخشەی جیهان، بە ڕەسمی نەناسینی ئەو وڵاتەیە، نەك لە ناو بردنی. بەڵام لە لایەكی دیكەوە، چەندین كاربەدەستی پلەبەرزی رژیم، هاودەنگی خۆیان بۆ ئەحمەدی نژاد و وتەكانی دەربڕی و درۆ و دەلەسە و پاساوەكانی هاوبیرانی خۆیان بێئاكام هێشتەوە.

ئەحمەدی نژاد، بەو وتانەی خۆی لە کۆنفڕانسی جیهان بە بێ سەهیونیزم، لە راستیدا سوخنەڕانییە ژەهراوییەکەی خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکان تەکمیل کرد و باشتر لە جاران ماهییەتی رژیمەکەی دەرخست. بانگهێشت کردنی تاقمە تیرۆرستەکانی جیهادی ئیسلامی و حیزبوڵلا بۆ ئەو کۆنفڕانسە، خۆی نیشانەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی رژیمێکی تیروریست پەروەرە و تێکدەرەی ئەمنی و ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. دەیسەلمێنێ کە ئەو دەستەی لە پشت پەردەوە کەند و کۆسپ دەخاتە سەر رێی بەرەوپێش چوونی رەوتی ئاشتی و سازان لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، دەستی کۆماری ئیسلامییە. هەر بەم پێیەش، بەشێکی زۆر لە نائارامییەکانی ناو عێراق، لە ژێر سەری ئەم رژیمەدایە.

لە حاڵێکدا کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی قسە لە ئاشتیخوازانە بوونی چالاکییە ئەتۆمییەکانیان دەکەن و ئەم کێشەیەی خۆیان دەبەستنەوە بە خەڵکی ئێران و بە مەسەلەی هەموو خەڵکی ئێران ناودێری دەکەن، سازدانی وەها کۆنفڕانسێك، مەبەستی شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنێ و لە قاودەری ئامانجە مەترسیدارەکانی کۆماری ئیسلامییە بۆسەر داهاتووی ناوچەکە. ئەم کۆنفڕانسە و کردەوەکانی دیکە کۆماری ئیسلامی دەریدەخەن کۆماری ئیسلامی بە هیچ رادەیەك تێکنۆلۆژی هەستەیی بۆ خزمەت بە وڵات و ئاوەدانکاریی ناوێت، بەڵکوو بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمییە کە بۆی بە پەرۆشە. ناکرێ ئیدعا بکرێ، تێکنۆلۆژی هەستەیی دەخرێتە خزمەت کۆمەڵگا و لە لایەکی دیکەشەوە وەها کۆنفرانسێك بگیرێ و میوانداریێتی تاقمە تیرۆریستییەکان بکرێ. ئەم دوو ڕەفتارە دژە بە یەکن و شك و گومانی جیهانی هەڵدەخڕێنێ کە تا دێت لە یەقین نزیکتر دەبێتەوە.

بە پێچەوانەی ئیدعای ژمارەیك لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە دەڵێن ئەحمەدی نژاد لە رووی ئیحساساتەوە ئەو قسانەی کردووە، دەبێ بوترێ وتەکانی ئەحمەدی نژاد رەنگدانەوەی بیروبۆچوونی دەوڵەتە پاوانخوازەکەی، مەجلیسی شورای ئیسلامی و فراکسیۆنی زۆرینەی پاوانخواز لە مەجلیس و رێبەرانی کۆماری ئیسلامییە. ئەگەر وتەکانی ئەحمەدی نژاد لە رووی ئێحساساتەوە بووە، ئەو کاربەدەستانەی کۆماری ئیسلامی چ پاساوێکیان بۆ ناوی کۆنفڕانسەکە هەیە کە دەرخەری سیاسەت و بۆچوونەکانی کۆماری ئیسلامییە. بێگومان، کۆماری ئیسلامی بەو کارەی هێندەی دیکە کاری لە خۆی خراپتر کرد و جیهانی لە سیاسەتەکانی خۆی تێگەیاند و قەیرانێکی تازەتری بۆ خۆی دروست کرد. لە ئاستی جیهانیدا هێندەی دیکە متمانەی وڵاتانی جیهان و بە تایبەت دەوڵەتانی ئورووپایی و فەرانسە و ئینگلیس و ئاڵمانی لە دەستدا کە ئەرکی موزاکرە کردن لەگەڵ ئێرانیان لە کێشە ئەتۆمییەکەی لە ئەستۆیە. راوێژی یەکێتی ئوروپا و ئەو سێ وڵاتە لەگەڵ حکوومەتی ئێران دەگۆڕدرێ و مۆحتاتر لە جاران دەبن. لە قسە و باسی کاربەدەستانی ئەو سێ وڵاتەدا پاش ئەو کۆنفڕانسە، دەردەکەوێ کە بەو ئاکامە گەیشتوون هەر جۆرە سات و سەودایەك لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەر پەروەندە هەستەییەکەی مەترسیدارە و بە هەر جۆرێك بێت دەبێ بەر بە دەست پێڕاگەیشتی کۆماری ئیسلامی بە تێکنۆلۆژی ئەتۆمی و سەرەنجام بۆمبی ئەتۆمی بگیرێت. کۆنفڕانسی "جیهان بە بێ سەهیونیزم" بە ئاشکرا هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی بوو لە ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە.